# دیسان سابڵاغ

## نامەیەکی کورتی یای ئاگوستا گودهارت



### حەسەنی قازی



Volume 15. MINNEAPOLIS, MINN., OCTOBER, 1923. No. 10.

Songi Ali Bogh Kisbogh, Agh Bogh Miss Gudhart Ali Agh Sultan Salari Agh

Two Servants kneeling in back

Some of the Kurds, who accompanied Miss Gudhart back to Soujbulak.

شتێکی لە ژمارەکانی بەردەستی " کوردستان میشنێری" دا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە زۆرجار نازناو و ووشەی کوردی بە دوو جۆر یان بە هەڵە نووسراون یان دوو ووشەی کەمانایان بە تەواوی جیاوازە وەک یەک هاتوون. بۆوێنە لە نامەیەکی دوورو درێژ دا کە یای ئاگوستا گودهارت لە تەورێزەوە بۆ قەشە مۆلینگ سەرۆکی ئەوکاتی کۆمەڵەی لوتێری میسیۆنی ڕۆژهەڵات لە بەرواری 28ی ژوویەی 1923 دا نووسیویەو لە ژمارەی 1ی خولی 16ی کوردستان میشنێری، مانگی ژانڤییەی 1924 دا بڵاو کراوەتەوە، دەڵێ لە پێشدا لە ماڵی کەسێک بە نێوی Haji Ali ' حاجی عەلی' دابەزیون و دۆستایەتی کۆنیان نوێ کردووەتەوە، لە کاتێکدا هەرهەمان کەس لەم نامەیەی خوارەوە دا وەک Ali Agah 'عەلی ئاغا' باس کراوە و ئەوەی لێرەدا گرینگە لەم وێنە بەکۆمەڵەی لەگەڵ بەسەرهاتی یای گودهارت بڵاومان کردەوە ولێرەشدا دەبینن لە وێنەکەدا " عەلی ئاغا" هەیە و بە نامەکە ڕا دەزانین ئەو هەمان 'حاجی عەلی ' یە. وەک لە سەرەوە دا دەبینن لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە 10ی خولی پازدەی، مانگی ئۆکتۆبری 1923 نێوی ئەو کەسانەی لە وێنەکەدان بە دروستی و تەواوی نەنووسراوە، لە بری Agha نووسراوە Agh . شەرحەکەشی ئاوایە:Kisbogh, Agh Bogh  Songi Ali Bogh: in back Some Kurds , who  Miss Gudhart, Ali Agh Sultan Salari Agh Two servants kneeling accompanied Miss Gudhart to Soujbulak

سونگی [ سەنگی! شەنگەی] عەلی بەگ، قەیس بەگی ئاغا بەگ، عەلی ئاغا، یای گودهارت. دوو نۆکەر لە پشتەوە چۆکیان داداوە. هێندێک لەوکوردانەی هاوڕێیەتی یای گودهارتیان کرد بۆ سابڵاغ "

هیوا دارم هەموو ئەوکەسانەی ئەم بابەتە دەخوێننەوە و خەڵکی ناوچەی موکریانن و پێوەندی خزمایەتی یان ناسیاوییان لە گەڵ خەڵکی بەساڵداچوو هەیە یارمەتی بکەن بۆ ناسینەوەی ئەو کەسانەی لەم وێنەیەدان و بە تایبەتی ئەو " عەلی ئاغا" یەی لە وێنەکە دا دەیبینین. ئێن.جەی. لۆر کە بۆ ماوەی درێژ سەرۆکی کۆمەڵەی لوتێری میسیۆنی ڕۆژهەڵات بووە، لە ژمارەی 11ی، خولی پازدەی کوردستان میشنێری، مانگی نۆڤامبری 1923، لە بابەتێکدا بە نێوی " دیسان سابڵاغ" ئاماژە بە نامەیەک دەکا کە یای گودهارت لە 8ی ئووت [ی 1923] لە سابڵاغەوە بۆ ناردووە و دەنووسێ:

لە ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەکەماندا ڕامانگەیاند  یای گودهارت پێوەیە بچێ بۆ سابڵاغێ. لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا [ژمارەی 10، خولی پازدە، مانگی ئۆکتۆبری 1923]  وێنەیەکی یای گودهارتمان بڵاو کردەوە کە ماوەیەک لەمەو بەر بۆمان ناردرابوو.ئەو دۆستانەی میسیۆنەکەمان، وا وێدەچێ بەشێک لەو کەسانەی بوون تا سابڵاغی لە گەڵ چوون. لە نامەیەکدا کە یای گودهارت لە بەرواری 8ی ئووت لە سابڵاغەوە ناردوویە دەنووسێ: "

دیارە ئەوە هیچ خەبەرێکی تازە نییە  پێتان ڕابگەیێنم  ئەمن ئێستا لە سابلاغێم، هەر وەک پێشتریش بۆم نووسیبوون پێوەبووم بچمە سابلاغێ. جارێکی دیکە لە سابلاغ! گشت دۆستە کۆنەکانی میسیۆنەکەمان، و ئی تازە، فەقیر و دەوڵەمەند زۆر خۆشحاڵ بوون چاویان بە من دەکەوتەوە. ماڵی عەلی ئاغا لە بەری بەیانییەوە

تا شەوێ لە خەڵک جمەی دێ و هەموو لە خۆشیان دەگرین. تەنیا شتێکی کە لێیان دەبیسم ئەوەیە " کەنگێ هاتییەوە؟ خۆ تازە بەجێمان ناهێڵی؟ کاتێک پێم گوتن ئەمن دیسان دەبێ بگەڕێمەوە تەورێز. ئەوان گوتیان بۆچی دەبێ بگەڕێیەوە تەورێز؟ و دەیان پرسی باشە یای شوێنهوود و یای فاسوم بەو زووانە دێنەوە؟ ئەی خانمی باشیمۆن چی بەسەر هات؟ ئەو دوکتورە باشەی  ئێوە لە تەورێز چاوەڕێی دەکەن کەنگێ دەگاتێ؟ ئەمن تەنێ دەمتوانی ئاوایان وڵام بدەمەوە هیوادارم زۆر زوو بگەڕێمەوە سابلاغێ و ئەو دەمی دوکتور شالکیش لەگەڵ خۆم دەهێنم. ئەمن پێم گوتن هیوادارم بتوانم تا 1ی سێپتامبر بگەڕێمەوە ئێرە. هیوادارم هێندێک کوری کورد لێرەوە لەگەڵ خۆم بەرم بۆ تەورێزێ بۆ ئەوەی لەوێ لە مەدرەسە دایان مەزرێنم.



ڕۆژێک ئێمە چووینە سەرقەبران، ئەو شوێنەی کە هێندێک لەو منداڵانەی لای ئێمە لە " ماڵی منداڵی بێ دایوباب " بوون لێی نێژراون و هەروەها چوونیە سەر قەبری هێندێک خەڵکی بەساڵداچوو کە ئێمە لە" ماڵی پیران" ئاگاداریمان لێدەکردن. لە سەرقەبران هێندێک سروودی ئایینی کوردیمان خوێندەوەو دۆعامان بۆ کردن. دوایە سروودی " خەڵاسی دە دەستی مەسیح " و " شاخی قەدیم لەت لەت بوو بۆ من" مان گوت. لەوێوە چووینە نێو شاری بۆ قەبرستانی هەرمەنییان لەوجێیەی قەبری باشیمۆنی لێیە. ئێستا حەسارەکە کەلاوەیەکە. تکایە لە خانمی باشیمۆن ئیزن وەربگرن بۆ ئەوەی مەیتەکە بگوێزینەوە بناری شاخی و لەوێ کێلێکی بۆ دروست کەین.واوێدەچێ ئەم شوێنەی عیبادەتکارانی هەرمەنی بەو زووانە بفرۆشرێ و ئاکامی ئەوەش دەبێتە نەمانی قەبرەکانی دامان و باشیمۆن هەر دووکیان. ئێستا لە سابلاغێ زەوی زۆر هەرزانە. ئەو پارچە زەوییەی ئێمە بە 390 تمەنمان کڕی ئێستا هەر 25 تمەن دەکا. ئەگەر ئێستا ئێمە زەوی بۆ میسیۆنەکەمان بکڕین، دەتوانین جێیەکی بەکەیفی خۆمان بە قیمەتێکی کەم بکڕین. "

( ئەمەش کورتەی نامەی یای گودهارت بوو) ــــ ئێن.جەی.لۆر

سەرچاوەی ئەم بابەتە وێبلاگی ڕوانگە(بلاگی تایبەتیی حەسەنی قازی)یە.

www.helwist.com